# سیاسەنگەکەی نالی و سێ ڕەهەندی جیا

عادل شاسواری



مرۆڤ کاتێك لەشیعری خاوەن هەستێکی بەرزو سەلیقەیەکی ووردو خاوەن رووبینایەکی قووڵی وەکو (نالی) رائەمێنێ، دەرك بەوە ئەکا زۆر قورسە لەواتایەکی یەك ڕەهەندیدا قەتیس بکرێت و هەرشیعرێکی تەنها خوێندنەوەیەکی بۆ بکرێت.. بەڵکو تارێژەی خوێندنەوە بۆ شیعرەکانی زیاتر بکرێت هەم خزمەتی زیاتر بەئەدەبی نووسراوی نالی ئەکات و هەم کرشەیەکی زانیاریشە بۆ سەرخەرمانی ئەوخوێندنەوەو نووسراو و کۆدیوانانەی تا ئێستا بۆ نالی جەم کراوون.

ئەگەر لەڕووبینایەکی قوڵەوە بۆ بەیتی (دڵ ئەگەر سیاسەنگ نەبێ) بروانین، دەگەینە خوێندنەوەیەکی جیا لەوەی کەلەدیوانە سێ قوڵیەکەدا بۆی کراوە چونکە لەلێکدانەوەکەی ئەواندا((مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس و دوو کورەکەی )): دەگەینە ئەوەی کە گومانێك لەلێکدانەوەکەیاندا هەیە چونکە خۆشیان لێی دڵنیانەبوون هەر بۆیە کەلەکاتی چاپ کردنی ئەو قەصیدەیەشدا بوون، رایان هێشتا تەواو جێگیرنەبووە بۆیە وەکو لەلاپەرە (524)دانووسیوویانە :

(لەچاپ کردنی ئەم شوێنەدا بووین مامۆستا هێمنی موکریانی هاتە سەرلێدانمان، مەعنای ئەم بەیتەمان لێ پرسی، وتی: وابزانم مەبەستی نالی لە (خاڵی لەعلی حەبەشە)......)

ئەویش بێگومان واتایەکی تر ئەڵێ کە پێچەوانەی ئەوەی خۆیانە کە نووسیوویانە ... لەکاتێکدا مامۆستا هێمنیش دڵنیانەبووە لەڕاکەی خۆی تەنانەت لە ل525 دا نووسراوە: (هەرچەندە مامۆستا هێمن ئەیوت دڵنیانیم لەڕاستی ئەم مەعنایە.)

لەدیوانە سێ قۆڵیەکەدا بەیتەکە بەم جۆرەیە:

دڵ سیاسەنگ نەبێ، مائیلی خاکی وەگە نە

خاڵی لەعلی حەبەشە، ساکینی بوردی یەمەنە

بەم جۆرەش لێکدانەوەی بۆ کراوە

یەکەم: لێکدانەوەو ڕاڤەی دیوانە سێ قۆڵیەکە:

لەل524 داهاتووە: سیاسەنگ: بەردی ڕەش.کینایەیە لەڕەقی. بوردی یەمەن: جۆرە قوماشێکی خورییە لەیەمەن دروستی ئەکەن وەك شیرداخ هێڵی سپیو ڕەشی تیایە.

واتە: دڵ ئەگەر ڕەق و بێ ڕەحم نەبێ و لەسەنگی سەخت دروست نەبوبێ، حەزی لەزێدو ماواو نیشتمانی خۆیەتی، بۆیە دڵی منیش هەمیشە حەزی لەوەیە لای یار و لەگەڵ بیرەوەریی ئەودا بێ، یا بۆیە هەمیشە حەزی لەژیانی ئەو نیشتمانەیە تیا هاتومەتە دنیاوە (وەك بەدوابەیتی ئەم پارچە شیعرەدا دەرئەکەوێ). ئەوەتە خاڵیش (خاڵی یار) کە وەك لەعلی حەبەشە ڕەشە، لەبوردی یەمەنیدا نیشتەجێ بووە کە بریتیە لەسەر رومەتی سپیو ژێر زوڵفی تاڵ تاڵ و ڕەشی یار، یاخود بۆ ڕاستی قسەکەم ئەم نمونەیە ئەهێنمەوە کە ئەوەتە خاڵی یار کە وەك لەعلی حەبەش ڕەشە، لەناو بوردی یەمەنیی سەر رومەتی سپیو ژێر زوڵفی ڕەشیدا ئەژی.

دووەم: لێکدانەوەو ڕاڤەی مامۆستا هێمنی موکریانی:

هەرلەهەمان سەرچاوەی رابردووداو لەکۆتایی ل524و سەرەتای ل525 داهاتووە: لەچاپ کردنی ئەم شوێنەدا بووین مامۆستا هێمنی موکریانی هاتە سەر لێکدانمان. مەعنای ئەم بەیتەمان لێ پرسی، وتی: وابزانم مەبەستی نالی لە (خاڵی لەعلی حەبەشە) بەردی (حجر الاسود)ی دیواری کەعبەو لە (بوردی یەمەن) ئەو بەرماڵە بێ کە پێغەمبەر (د.خ) بەردەکەی تێخست و هەر چمکێکی دایە دەست سەرەك هۆزێك و خۆیشی بەردەکەی هەڵگرت و لەجێی خۆی دانا لەدیوارەکەدا. بەم پێیە مەعناکە وای لێ دێتەوە ئەگەر ئەم بەردی (حجر الاسود)ە (سیاسەنگ) نەبوایە لەبەهەشت هەڵنەئەکەنرا بۆ سەرزەوی. هەرچەندە مامۆستا هێمن ئەیوت دڵنیا نیم لەراستی ئەم مەعنایە، بەڵام ئێمە لامان وایە بۆچونێکی وردو بەجێیەو وا بەسوپاسەوە بەناوی خۆیەوە ئەینوسینەوە.

ناسکییەکی زیرەکانەی تیا ئەبێ ئەمە کە (نالی) بە (حجر الاسود)ی وتبێ (سیاسەنگ) چونکە مەعنای هەردوکیان یەکێکە و وەك پێشان وتمان واتە: بەردی ڕەش.

سێهەم : لێکدانەوەو راڤەی حاجی مەلا عبدالقادری پریسی:

قـــەصیـــــدەی (دڵ)(1)ی نـالی وەك زۆربەی قەصیـــدەکانی تـــری زۆر مانـــا هەڵدەگرێو پشتی پانـــی ئەم بەلاغەتە سیحراویەی نالی مێزگردێکی فراوانە بۆ جەدەلیەتی فرە رەهەندی کرانەوەی ماناکان هەر بۆیە لەکاتێکدا خەریکی هەڵبژاردنی چەند بەیتێك بووم لەدیوانەکەی بۆ یادی لەدایك بوونی پێغەمبەری گەورە محمد (د.خ)گەیشتمە ئەوەی کەبەڕاستی عیشقی پێغەمبەر لەناو حەوزی شەپۆلی دیوانی نالیدا جۆش و خرۆشێکی بەتین و تاو گوژمێکی گەنجانەو خوێن گەرمانەی کردووە بەبەری شیعرە بەتەمەنەکانی نالیدا(2)... جا لەنێو ئەو کۆچامەیەی عیشقی پێغەمبەرداو لەبەهاری دیوانەکەی نالیەوە ئەم چڵ و ئەوچڵم ئەکرد لەهەر رووباری کۆ ووشەیەکی ئەو ئەفسونەبە تینەی نالیەوە جۆرێ کەمەند کێش بووبووم فیکرم جەم نەئەبوو لەسەر یەکێکیان و دەست بەکاریم لەکاراڤەکەمدا...

تالەسەردانێکی کتێبخانەی شێخ رەزای تاڵەبانی(3) دا لەگەڵ برای بەڕێزم کاك حەسەن هەڵەبجەی کەوتینە گفتوگۆی شیعرەکانی (نالی)و ئەویش باسی لەلێکدانەوەی بەیتی یەکەمی قەصیدەی (دڵ)ی کرد... کە کاتی خۆی دەوروبەری ساڵی 1979– 1980 ئەم و مامۆستا محمود احمدی سۆفی شەریف(4) و مامۆستا رۆوف حسن حمە امین(5) پرسیار لە خواڵی خۆش بوو جەنابی حاجی مەلا عبدالقادری پریسی(6) ئەکەن و ئەویش لەوەڵامدا ڕایەکی تری هەیە لەلێکدانەوەی بەیتەکەدا لەچاو ئەوەی دیوانە سێ قۆڵیەکە.

وەدەقی ئەو پرسیارو وەڵامانەش بەبێ ئاگاداری جەنابی حاجی مامۆستاوە تۆمار ئەکەن و ئێستاش لەلای ئەو پارێزراوە ... منیش داوام لەکاك حەسەن کرد بەڵکو بتوانم سوود لەو کاسێتە وەرگرم ئەویش خوا هەڵناگرێ زۆر مەردانە دەقی ئەو وتوێژەی بۆ هێنام. پاش گوێ لێ گرتنی توانیم بەم شێوەیە کورتەی ڕاکەی جەنابی حاجی مەلا عبدالقادر بنوسمەوە بۆ بەردیدەی ئێوەی بەڕێز:

(حاجی مەلا عبدالقادر ئەڵێ: شیعرێکی نالی هەیە، بەهەڵە مەعنایان کردووە، زۆر بەهەڵە !

– چی‌یە؟

حاجی مەلا عبدالقادر:

دڵ ئەگەر سیاسەنگ نەبێ مایلی خاکی وەتەنە
لەعلی لەبی حەبەش و ساکینی بوردی یەمەنە
یان ساکینی پارچەی یەمەنە.

– لەدیوانەکەدا تیایەتی.

حاجی مەلا عبدالقادر: ئەزانم تیایەتی، بەڵام مەعنایان بەغەڵەت کردووە، چونکە ئەو پیاوە گەورانە ئەغلەب شیعریان مەجازی‌یە.

– بەڵام لەدیوانەکەدا ئەڵێ:

دڵ سیاسەنگ نەبێ، مائیلی خاکی وەگهنە
خاڵی لەعلی حەبەشە، ساکینی بوردی یەمەنە

حاجی مەلا عبدالقادر : نا ((ئەگەر))ی تیایە ئەبێ ئەو ((ئەگەر))ەی تیابێ.

دڵ ئەگەر سیاسەنگ نەبێ عاقڵ غەڵەت ئەدۆزێتەوە بەبێ عیلمیش.

– باشەی ئەی دێڕی دووەم .

حاجی مەلا عبدالقادر : ئەویش غەڵەتە: لەعلی لەبی حەبەش. نەك خاڵی لەعلی حەبەش. لەب یەعنی لێو.

ئەمەش بەم شێوەیە بووە: بوردەیەکیان لەیەمەندا دروست کرد بۆ پێغەمبەر (د.خ) لەبەر قیمەت گرانی کەس نەیتوانیووە لەیەمەندا بیکڕێ ودەری بکات، ئەم بوردە بەقیمەتە هەر شایانی سەرشانی پیرۆزی پێغەمبەر بوو. لەعلی لەبی حەبەشیش لەوەوە هاتووە حەبەشی ڕەشن یان ڕەمزن بۆ ڕەنگی ڕەش. سوور لەناو ڕەشدا دابنێ بزانە چەند جوانە!! ئەمەندە جوانە کەڕەشیەکەی ئەشواتەوەو یەك پارچە ئەبێتە جوانی... ئینجا ئەو بوردەیان خستە سەرشانی پێغەمبەر (د.خ) نووری رووی پێغەمبەر ئەوەندە جوان و بەقیمەت بوو هیچ قیمەتی نەهێشتەوە بۆ ئەو بوردەیەی کەلەولاتی خۆیاندا بەقیمەت ترین شت بوو.

- با، لەتەواوی بەیتەکە تێ بگەین؟

حاجی مەلا عبدالقادر – دڵ ئەگەر سیاسەنگ نەبێت، سیاسەنگ یەعنی ئەو بەردەی کە ئەخرێتە پاڵ ئاگرەوەو مەنجەڵی ئەخرێتە سەرو لەبەر نزیکی لەئاگرەوە ڕەش ئەبێتەوە.

واتە: دڵ ئەگەر وەکو ئەو سیاسەنگ بەگوناه ڕەش نەبوو بێتەوە ئەوا ئارەزووی نیشتمانی خۆی ئەکاتەوە، وەتەنی مرۆڤیش یان (گۆڕە) یان (عەدەمە)، چونکە خوای گەورە ئێمەی لەعەدەمەوە بەدی هێناوە و ئەمان گەڕێنێتەوە بۆ گۆڕ کەواتە ئێستا ئێمە لەغوربەتداین. پێغەمبەریش وەسیەتی کرد کە لەپاش خۆی ئەم بوردەیە بدرێت بەوەیسی قەڕەنی، قەڕن شوێنێکە لەیەمەن، جا مەعاژی کوڕی جەبەل (خ.ل) لەسەردەمی خەلیفەی دووەمی ڕاشدیندا گێڕایەوە... عمری کوڕی خەگابیش (خ.ل) لەکاتی مەوسمی حەجدا بەحاجیەکانی فەرموو هەرچی حاجی هەیە هەڵسێتە سەرپێ بێجگە لەخەڵکی یەمەن، پاشان چوویە ناو یەمەنیەکانەوەو فەرمووی: هەرچی یەمەنیە هەڵسێتە سەرپێ بێجگە لەقەڕەنیەکان، پاشان چوویە لای ئەوانەی هەڵنەسان و فەرمووی: ئێوە خەڵکی (قەڕەن)ن؟ (وەیس) ناوتان لەلاهەیە، ئەیناسن؟

ووتیان: تەنها یەك (وەیس) مان هەیە ئەویش شوانی حوشترە.

عمریش فەرمووی: ئەم (بوردە) دیاری پێغەمبەرە (د.خ) بۆ ئەوو بۆی ببەن، ئەوانیش بۆیان بردو وەیسیش سوپاسی خوای کرد لەسەر ئەو دیارییە بەنرخە.

ئەمە کورتەی ڕای جەنابی مەلا عبدالقادری پریس بوو.

چوارەم: لێکدانەوەی بەیتەکە، بەبۆچوونی من:

دڵ ئەگەر سیاسەنگ نەبێ، مایلی خاکی وەتەنە(7)

لەعلی لەبی حەبەش و ساکینی بوردی یەمەنە

سیاسەنگ: بەردی ڕەش/ ئەوبەردەی کە ئەخرێتە پاڵ ئاگرەوەو مەنجەڵی ئەخرێتە سەر ولەبەر نزیکی لەئاگرەکەوە ڕەش ئەبێتەوە.

مایل: لار، سەربە، خاوەن مەیل، خاوەن ڕەغبەت و ئارەزوو.

وەتەن: نیشتمان، لەعل: بەردێکی بەنرخی ڕەنگ سوورە وەکو یاقوت بەجۆرێك لەدرەوشانەوەی نەخشینی لێ بەدەرئەکەوێت. لەب: لێو.

حەبەش: میللەتێکی ڕەش پێستن و لەئەفەریقا دا ئەژین، وولاتی حەبەشە (ئەسیوبیا) ی ئێستایە.

ساکین: بێ بزووتنەوە. ئارام گرتوو دانیشتوو.

بورد: قوماشێکی کەتانیە لەچاکترین جۆری قوماشی یەمەنی دەژمێررێت. وەك عەبا دەخرێتە سەرشان و لەلایەنی کۆمەڵایەتیەوە خاوەن کەسێتی لەبەری دەکات.(8)

واتە: دڵ ئەگەر نەبووبێتە بەردە ڕەشی پاڵ ئاگر لەگوناهاندا هێندە ڕەش هەڵنەگەڕابێ‌و بەستەم کردن لەنەفسی خۆ هێندەی بەرد ڕەق نەبووبێ، بەدڵنیاییەوە ئارەزوومەندی وولات و ماوای خۆیەتی... وەك چۆن بوردی یەمەن گەڕ گەڕ گەڕا بەدوای سوکنای خۆیداو تاماوای خۆی لەسەرشانی پێغەمبەر (د.خ) دۆزیەوە کە هێندە جوان بوو لەسەرشانی پیرۆزی ئەتوت بەردێکی بەنرخی ڕەشی گەشی درەوشاوەی سەردوو لێوێکی حەبەشیەکە کەچەند ئەو دوو ڕەنگە پێکەوە ئەگونجێت و هارمۆنیەتی تێدایە، سووری گەش لەسەر ڕەشی تۆخ.

جا وەك لەدوابەیتدا دەرئەکەوێ کە ئەم شیعرە لەمەدینەدا نووسراوەو لەسەردەمی پیری‌و دواکاتەکانی ژیان و نامۆییدا نووسیوویەتی بۆیە (ماواکەی) مەبەستی زێدی باوباپیران و شوێنی هاتنە ژیانیەتی.

کەواتە یەعنی ئەم شیعرە لەسەر گۆڕی پێغەمبەر (د.خ) و لەمەدینە نووسراوەوەو بەرامبەر بەو تەمەن و فیراق و هەڵرشتنی ئەو حاڵەتی گوناهباریەی خۆ، ئەوە هەڵناگرێ کەئەم شیعرە بۆ بارێکی ئاسایی نووسرا بێت و نیشتمانەکەش یادەوەری‌و نزیکی یارەکەی بێت... بەڵکو بەبەڵگەی:

دڵی نالی کەئەنیسی قەرەداغە، ئێستەش

دیاره کەناڵی دڵی بۆ کوردستان لێ ئەداو بەو جۆرە تەعبیری لێ ئەکات، کەئەم واتایەش هەڵدەگرێ: (سیاسەنگ) مەبەست پیێ بەردە ڕەشی کەعبەبێت. (حجر الاسود)ە کەئەو کاتە ماناکەی ڕوون تر ئەبێتەوە کەمەبەستی ئەمەیە:

ئەگەر دڵم وەك بەردە ڕەشەکە هەڵنەگەڕابایە لەگوناهاندا ئەوا لەقەرەداغەوە نەئەهاتمە ئێرە (مەدینە) و هەر لەخاك و ئاوی خۆمدا ئەمامەوە...

چونکە وابڵاوەکە (حجر الاسود) لەبەهەشت هەڵکەنراوەو هێنراوەتە دونیا.

بۆیە بەهیوام بەهاتنم بۆ سەرگۆڕو مەزرای تۆ ئەی پێغەمبەر سوکنایی دڵم بێت و لەو گوناه و خەجاڵەتی عەیبانە ڕزگارم ببێت و دڵم سپی ببێتەوە، چونکە (حجر الاسود) یش لەبەهەشت سپی بووە بەڵام کە هاتووەتە دنیا ڕەش بووەو ئیتر ڕووی نایە بگەڕێتەوە بەهەشت.

واتە: لێرەدا جۆرێك لەتەناسوخ و بەناویەکدا چوون دەبینرێت، لەنێوان (دڵ) لەلایەك و (سیاسەنگ) لەلایەکی تر، ئەڵێ: حجر الاسود ئەگەر سیاسەنگ نەبوایە ئارەزووی وڵاتی خۆی ئەکردەوە کەبەهەشتە، بەڵام چونکە ڕەش داگەڕاوە ناگەڕێتەوە بۆ مەئوای خۆی، وەکو من چۆن لەعەزرەت گوناه و عصیانم پێم باشە لێرە بمرم و نامەوێ بگەڕێمەوە بۆ کوردستان کەماوای خۆمە (هەرچەندە ئێستەش دڵم هاوڕێ و هاوسۆزی خاك و ئاوو زێدی باپیرانمە) .

---

## پەراوێزەکان :

(1)ئەم قەصیدە مەرج نییە ناوی (دڵ) بێت، چونکە ئەم ناوە زیاتر لەو ڕوانگەیەوە هەڵبژێردراوە کە زۆر جار بۆ شیعرە کلاسیکیەکان یەکەم ووشەی یان دوو ووشەی سەرەتا یان دێری یەکەمی شیعرەکە کراوە بەناونیشان بۆی... ئێمەش هەر بەو شێوەیە ووشەی (دڵ)مان هەڵبژارد.

(2)چونکە زۆربەی ئەو شیعرانەی بۆ عیشقی پێغەمبەری نووسیوون لەدوا دواییەکانی تەمەنیدا نووسیوونی کاتێك لەخزمەتی سالاری مەدینەدا ژیانی گوزەراندووە. جا ئەمەش هەرچیەکی لێ بخوێنرێتەوە، پێش هەر شتێك ئەوەی لەسەر تێبینی ئەکرێ کە شاعیر لەدوا پلەکانی پێگەیشتنداو لەکامڵ بوونی توانای شیعریدا ئەو قەصیدانەی داڕشتوون هەر بۆیە بەلوتکەی شیعرەکانی دەدرێنە قەڵەم کەلەدیوانە سێ قۆڵیەکەدا ئەم قەصیدانە ئەگرێتەوە:

أ)لاپەڕە (524) (10بەیتە) بە (دڵ سیاسەنگ ...) دەست پیێ ئەکات.

ب)لاپەڕە (315) (68)بەیتە بە(ئەی ساکینی...) دەست پیێ ئەکات.

ج)لاپەڕە (264) (9بەیتە) کە قەصیدەیەکی موستەزادە .

د)لاپەڕە (482) (74)بەیتە.

ه)لاپەڕە (67) سەبارەت بەمەدینە عیشق دەگۆڕێتەوەو ... هتد.

(3)ئەم کتێبخانەیە لەشەقامی پیرەمێردە لەسلێمانی.

(4)ئێستا لەهەڵەبجەی تازە مامۆستایە.

(5)لەسلێمانی مامۆستایە.

(6)بەپیێ زەنگی کاتژمێرەکە کەلەکاسێتەکەدا دەرچووە، کاتژمێر (10)بووە کاك حەسەنیش ئەڵێ: شەو بوو لەدەوری کۆبوو بووینەوە، بەڵام بەرواری نەزانراوە، کاك حەسەنیش بەتەواوی بیری نەماوە بەڵام ئەڵێ: یان 1979بوو یان 1980، ئینجا جەنابی مامۆستاش ساڵی 1981 لەهەڵەبجەی شەهید وەفاتی کردووەو خواناسێکی ناودارو سەنگین بووە.

لەخزمەت جەنابی مامۆستا مەلا عبدالعزیزی پریسی دا دەرسی خوێندووە، بەڵام خوێندنی حوجرەی تەواونەکردووە تەنانەت لەبەر زیرەکی و لێهاتوویی خۆی هەندێك جار وەك موستەعید دەرسی بەجەنابی مامۆستا مەلا عوسمانی مەلا عبدالعزیز ووتووەتەوە ئەوکاتەی کەبەیەکەوە لەلای باوکی مامۆستا مەلا عوسمان دەرسیان خوێندووە.

ئەم پیاوە خواناسە زۆر بەدەم خەڵکی هەڵەبجەوە بووەو لەڕووی کۆمەڵایەتی‌یەوە زۆر زمان شیرین و خۆش دوو میوان پەروەردە بووە و زۆربەی کات ماڵەکەی جمەی هاتووە لەمیوان و ئەدیب و زاناو داناو خواناس و ئەمیش وەك گوڵەوە چنی سوودی لێ وەرگرتوون، شارەزایشی لەبواری ئەدەبدا هەر لەمەوە هاتووە، یەك کوڕی هەبووە کەناوی مەلا علی عەتارە لەقەیسەری حامیدبەگ لەهەڵەبجەی شەهید دوکانی هەیە، دووکچیشی هەبووە. یەکێکیان ناوی (توبا)یەکە دایکی هەردوو (مامۆستا محمود و مامۆستا ڕۆوف)ەکە لەگفتوگۆکەدا ئامادەبوون و ئەوی تریشیان ناوی (مریم)ە کە دایکی کاك حەسەن هەڵەبجەیی‌یە کە خاوەنی کتێبخانەی شێخ ڕەزایە.

(7)ئەگەر ئەم صەدرە بەگوێرەی دیوانەکە بێ (14) بڕگەیەو ووشەی (ئەگەر) کە دوو بڕگەیە تیایدا نییەو ووشەی (مایل) بە (مائیل) نووسراوە ئەگینا (13) بڕگە دەردەچوو بەڵام بەم شێوەیە (15) بڕگەی تەواوە.

(8)بۆ لێکدانەوەی ئەم ووشانە سوودم لە (دیوانی نالیو فەرهەنگی نالی) د.مارف خەزنەدار وەرگرتووە 1977- بەغداد.